وزارتی دارایی لیستی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرەم بە مانگی ئابردوو بڵاودەکاتەوە

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرەم ئەمڕۆ چوارشەممە 12ـی ئادار، لیستی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرەم بە مانگی دووی ئابردوو بڵاودەکاتەوە.

بەگوێرەی خشتەکە، دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرەم لە ڕۆژی پێنجشەممە 13ـی ئادار تاوەکو سێشەممەی هەفتەی داهاتوو 18ی ئاداری بەردەوام بێت.

۲۰۲۵

ئەوەش لەکاتێکدا، تەمویلی مووچەی مانگی شوبات خرایەسەر هەژماری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان.

ئەمە چوارشەممە، دوای دوو هەفتە بەسەر تێپەڕبوونی مانگی شوبات، لەکۆتاییدا وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران ڕاگەیاند، ئەوەش دوای ئەوەی پارە خرایەسەر هەژماری وەزارەتی دارایی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

وەزارەتی دارایی هەرێم ڕایگەیاندووە، کە بڕی 957,925,880,078 دینار وەک تەمویلی مووچەی مانگی شوباتی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان خرایەسەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق، ئەوەش ئەو بە تەمووێلە بوو کە لەلایەن وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانەوە بە مووچەی مانگی شوبات داواکرابوو و بەبێ هیچ لەبەینەک خرج کرا.

بەیارە سبەی پێنجشەممە 13ـی ئاداری 2025، دەست بەدابەشکردنی مووچەی مانگی شوباتی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت و لەچەند ڕۆژێکدا مووچەی سەرجەم مووچەخۆران دابەش دەکرێت.